# سیانەی گێڕانەوە

سۆران محەمەدە سوورە

١

من لە کەڵکەڵەی جەفتی بەڕوویێک کەوتوومەوە
تا نەدۆزمەوە چاوی ئەم پێدەشتە
هەر بەرەو خلۆربوونەوەم.

هۆ ساڵوەگەڕە پیرۆزەکانی زیۆس
وا کوشتار دەسپێدەکات*:
گۆرگۆنەکان چوارمشقی دانیشتوون و چیرۆکان دەگێڕنەوە.
ئەی نەتەوەی کۆچڕەو و کوشتارلێکراو؛
گوناهی زایەندکارێکم،
دەبێ نەزانم چ شتێک لەگەڵ خودا کۆنینەکان،
چارەنووسمانی لێکگرێداوە!

جوانیی؛ ئەوەی لە مەرگەوە دێی،
بۆ گەیین دەبێ وێرانە بسازێنرێ.
ئەی مەرگ؛ هەموو شتێ لە بەردەوامی تەواوبووندا، تەواو نابێ.

## ٢

ئەوەی بەدواتدا ویڵم؛
بەرەو ڕێبڕینە نیگا و
خەیاڵیش مەلەی سەهەندەیی.
خەون برینی بڕینی مەوداکان نەخش دەکاتەوە،
خەمی گەیشتنیش بە دیوی خێراییی، تێڕامان وێنا دەکات.
ئەوها ئەو منە، ڕەگی دووجای دووبەرەکی و
فراژووی لەرەلەری کوفرە.

تەنیا شەوە بێ باوێشک بمهێڵێتەوە.
تاریکی پەنا. وەزانینم تۆی.
بێخودا و ئەستێرە، ژینێ شک نابەیت؟

هۆ شەیتان؛ خشپەی شەقاوەکانی ڕۆیشتنت دێتەوە بەرگوێم.
بوونت زێڕکفت بکە، لە تاریکییان بدرەوشێوە،
مامەڵەیەک، کە هەمان بێت سەرپێچیکردنە.
تۆش؛ لە بەخشراوانت وەدەرم بنێ؛
بە ئازارەوەش بمکوژە،
مرۆڤ سوپاس نەکراوە،
لەهەڵەش زێتر ناسنامەی تری نییە.

## ٣

کات؛ بوخچە غەریبییەکەی نالی و حاجییە.
شوێن؛ بەبەردبوونی چیرۆکی گۆرگۆنەکانە لەبەردەم حەڕامدا.
چارەنووس؛ بێچارەیی خەونی خانی و زێتر لێکترازانی نەتەوەیە.
خواست؛ بوون نمایش دەکات؛
بوون خۆی، ڕسکاوی وێرانکارییییە.

دەبا خودایەک بسازێنین
گۆڕان لە بێنوێژییدا سیما دەکرێت.
جەنگ ناسنامەی بوونێکی هەستبەخۆکردووە.

لەگەڵ کوشتار، هرووژمی یادەوەریی و
ئێشی ژووری جووتبوون زێتر دەبن.
لەگەڵبوون چەوساندنەوەیەکی تری ڕەگەزییە.

# ٤

شتێک کردمیە دێوانەی ڕێگە چۆڵەکانی مەترسیی.
ناشزانم چ دەنگێک
بۆ نشێو و هەڵدێرگەکان ڕێنموونم بوو.

هەڵدێرام. مشتی بەردێک خۆی کردە باوەشم.
هەڵدێر قووڵ بۆ چاوەکانمی ڕووانی.
پێم لێسەنرانەوە.
خوداکان دوا ئاوڕدانەوەیان کردم.
چیاییش: کوڕەتیمە. دەستی ڕاهێشتکرد یان نا، هەر دەبێ بیڵێم؟
جارێکی تر، ڕێگەکانم خستەوە بەر سێرەی پێملنەبوونم.
دەست نەبوو، ئەی خواست وەملیایی خستمەوە؟ دەبێ نەزانم؟

تا ئێرە ئەی دوو سێ، حەوت و پێنجی بەیانیم،
ئەو گۆرانییەی بە هەڵدێرانم نەدات، کوا قەرەجییە.
زرینگانەوەی دەنگی مەزهەر و زریانێک لە خێرایی..
پێهەڵدێنم. ئەوە بۆ ڕێگەکان ناجمێن؟!
دەبێ لە هەناوی وێرانبووندا؛ گۆرانیی ئاژاوە بچڕین.

## ٥

گۆرانی خۆم دەڵێم و
ڕێ بۆ ئاژاوە خۆش دەکەم؛
شتێک، کە دەبوو زووتر بمکردبا.
هاتووم؛ ڕووحی شەیتانم و
بێدۆستی و غەریبی چارەنووسمە.
چارەنووس و غەریبیم، ماڵی خەون و نەگەیشتنە.
کوا ماڵ پێم ئاوەدانە و سەهەندییم دەناسێت.

شەیتان لەسەر زمانم، گۆرانییەکە بەرەو کۆتایی دەبا:
من ئەودیوی ڕووناکییەکەتم،
کە گۆڕان و بەدکرداریی، تێمدا ئاوسە.

من ئەودیوی ڕووناکییەکەتم
بە نەفرەتی ناسنامەم سوێند
گەڕاومەتەوە نێوت، بڵێی ئەوە نەزانیت؟

**مانگی ١٠و ١١ی ٢٠١٦**

---

*** "ئەم ئاژاوەیە گوناهی هزرەکانە، دەبوو کوشتارێک دەستپێبکا."**
**سکاندینافیا دوورگەیەکی تر لە بخوور، هەندرێن.**